

پێیوایە نەرم و نیانییەکەی وایکردووە زیاتر ژنانی دەرکەوێت..

# رامسی گومانی لە پیاوەتی جیرۆ هەیە

روداوی وەرزشی ـ CNBC

ئارۆن رامسی، یاریزانی وێلزی یانەی ئارسینالی ئینگلیزی، پێیوایە ئۆلیڤی جیرۆی هاوڕێ فەرەنسییەکەی هێندە نەرم و نیانە گومانی لەوە هەیە پیاو بێت و دەڵێت «جیرۆ هەندێجار زیاتر بە ژن دەچێت نەک پیاو».

رامسی، کە هاوڕێیەتییەکی بەهێزی لەگەڵ جیرۆ هەیە، گاڵتەی بە هاوڕێیەکەی کردو بە ژنانی وەسفی کرد و گوتی «لە راستیدا جیرۆ زۆر نەرم و نیان دیارەو زۆرجار زیاتر لە خانمان دەچێت نەک پیاوان».

رامسی ئەم قسانەی لەبارەی جیرۆی هاوڕێی لە میوانداری بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی، بەناوی SOCCER AM کردو زیاتر لەو بارەوە گوتی «جیرۆ زۆرجار وەک شازادەیەکی بەناز دێتە پێش چاو، لە هەندێ بەریەککەوتنی ئاساییدا زیاد لە پێویست هاوار دەکات، وەک ئەوەی کەسێک بە گوللە لێیدابێت».

بەڵام رامسی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە ئەو سیفەتە ژنانییە وای لە جیرۆ نەکردووە لە کاتی یاریکردندا ترسنۆک دەرکەوێت و گوتی «بەڵام بەردەوام بەو شێوازە هەڵسوکەوت ناکات، زۆربەی جار رکابەرێکی قورسی بەرگریکارەکانەو بە توندی خۆی پێیاندا دەدات».

لەم وەرزەدا تاوەکو ئێستا ئارسین ڤینگەری راهێنەر وەک هێرشبەرێکی سەرەکی پشتی بە جیرۆی تەمەن 30 ساڵان نەبەستووە، کە تەنیا بەشداری لە 7 یاری ئارسیناڵ کردووە، لە هەموو پاڵەوانییەتییەکانداو 3 گۆڵیشی تۆمارکردووە.


WWW.RUDAW.NET

روداو وەرزشی

ژمارە (425) سێشەممە 2016/11/22 1ی سەرماوەز - 2716 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای روداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات


## "هاتریکی ئەمجارەی رۆناڵدۆ رای زۆر لەو رۆژنامەنووسانە دەگۆڕێت کە دەنگ بۆ باڵۆن دۆر دەدەن"



# DON D'OR

## "هاتریکی رۆناڵدۆ.. فیشەکی کوشتنی هیواکانی ئەمساڵی مێسی بوو"

3


## "لە CR7 وە بۆ رۆناڵدۆ 9 و دۆن 4"



## "مێسی و رۆناڵدۆ بە ناهەق باڵۆن دۆرەکانیان بردووەتەوە"

3

## ناوبژیوانی فیناڵی ئۆڵیمپیادی 2016 قسە بۆ (روداوی وەرزشی) دەکات



2

## مێسییەکەی هۆڵەندا کوردە



2

## شرۆڤەی یارییەکانی گەڕی 5ی چامپیۆنسلیگ



6

رووداو وەرزشی
ژمارە ( 425 )
سێشەممە 2016/11/22



**بەداخەوە**

ئەحمەد مەریوانی پاڵەوانی لەشجوانی کوردی شاری کەرکووک، بەهۆی خۆشەویستی بۆ یارییەکە، لەسەر ئەرک و گیرفانی خۆی بەشداری لە پاڵەوانیەتی مستەر ئۆلیمپیادی جیهانی لە مۆسکۆی پایتەختی رووسیا دەکات و دەڵێت «زیاتر لە 7 هەزار دۆلارم لە گیرفانی خۆم خەرجکرد، بۆ ئەوەی بەناوی کوردستانەوە بەشداری لەو پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییەدا بکەم، کەچی بەداخەوە لە کەرکووک و لەلایەن یەکێتی لەشجوانی عێراقەوە دژایەتیم کراو بەربەستیان بۆ دروستکردم بۆ ئەوەی بەشداری نەکەم، هۆکارەکەش تەنیا حزبی بوو، کە بەڕاستی ئەو هەڵوێستەیان زۆر ئازاری دام».

ئەو ناوبژیوانەی فینالی ریۆ 2016ی بەڕێوەبرد قسە بۆ (رووداوی وەرزشی) دەکات:

# بۆ خزمەتی ناوبژیوانانی کورد رۆژێک دێمە کوردستان



**عەلی رەزا:** ئامانجی گەورەترم هەیەو دڵنیام گەورترین یاری مۆندیال بەڕێوە دەبەم

**هەرێز جەمال**
**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

بۆ یەکەمجار لە مێژووی میدیای عێراق و باشووری کوردستان، ئەو ناوبژیوانەی یاری فینالی تۆپی پێ لە ئۆلیمپیادی ریۆ 2016ی لەنێوان بەرازیل و ئەڵمانیا بەڕێوەبرد، لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا قسە بۆ (رووداوی وەرزشی) دەکات.

عەلی رەزا فەغانی، ناوبژیوانی ئێرانی کە لە ساڵی 2008وە شارەی نێودەوڵەتی وەرگرتووە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «لە ساڵی 1994وە بەشێوەیەکی فەرمی دەستم بە کاری ناوبژیوانی کردووە، ئەوسا هەر لە کۆڵانەوە تاوەکو تیپە میللییەکان و پاشان ئاست بە ئاستی ناوبژیوانی خولەکانی ئێران سەرکەوتووم».

عەلی رەزا گوتی «دوای ئەوەی چەندین یاری بەهێزم لە خولی ئێرانی بەڕێوەبرد، بە پاڵپشتییەکی بەهێزی فیدراسیۆنەکەم و ئەو هەوڵە بەردەوامانەی خۆم هەمبوو توانیم بگەمە ئاستی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی، ئەوەش وایکرد لە ساڵی 2008وە بەشێوەیەکی فەرمی شارەکەم وەربگرم و لە ماوەی ئەو 8 ساڵە چەندین یاری بەهێزم بەڕێوەبردووە، ئەوەش هەستێکی گەورەیە بۆ من لە قۆناخی پیشەی خۆم کە یەکێکم لە ناوبژیوانە ناسراوەکان لەسەر ئاستی ئاسیا و جیهان».

عەلی رەزا، لە ساڵی 2015 بە فەرمی ناوبژیوانی یاری فینالی جامی ئاسیای لە ئوسترالیا پێسپێردراو ئەمساڵیش وەک ناوبژیوانی ناوەڕاست یاری فینالی تۆپی پێی لە ئۆلیمپیادی ریۆ لە نێوان بەرازیل و ئەڵمانیا لەئەستۆبوو، ئەو لە وەڵامی پرسیاری (رووداوی وەرزشی) سەبارەت بە هەستی بەڕێوەبردنی ئەو یارییە گەورەیە گوتی «شۆکێکی گەورە بوو کە بەر لە چەند رۆژێک ئەو کارەم پێسپێردرا، چونکە سەرباری ئەوەی هەستێکی خۆش بوو، بەڵام تاقیکردنەوەیەکی قورس بوو بۆ من، چونکە بەهێزترین یاری ئەو پاڵەوانیەتییە بوو کە سوپاس بۆ خوا توانیم بە سەرکەوتوویی بەڕێوەی ببەم و دەتوانم بڵێم ئەوە یەکێکە لەو یارییانەی هەمیشە لەگەڵ یادەوەری من دەجولێتەوە».

ناوبژیوانە تەمەن 38 ساڵییەکە، سەبارەت بە ئاستی ناوبژیوانانی ئێستای جیهان و کیشوەری ئاسیا بە (رووداوی وەرزشی) گوت «لەدوای گۆڕانکارییەکانی فیدراسیۆنی تۆپی پێی جیهان زیاتر پەرە بە ناوبژیوانان دەدرێت و ئەرکیان قورس دەبێت، ئەویش بەهۆی پێشکەوتنی خێرای یارییەکەیە، بەڵام لە ئاستی کیشوەرەکە پێشبینی دەکەم چەندین ناوبژیوانی دیکەی ئاسیایی بێنە کایەوە».

ئەو ناوبژیوانە گوتیشی «قۆناخی داهاتووی کارکردنم بەڕێوەبردنی چەندین یاری پاڵاوتنەکانی سەرکەوتنە بۆ مۆندیالی 2018 و دواتریش کۆپەری سەرکەوتن بۆ یارییەکانی بەڕێوەبردنی مۆندیال و جامی کیشوەرەکان دەکەم، بەڵام بەو هەوڵەی خۆم هەمەو بە پشتبەستن بە توانام ورەم بەرزە بچمە مۆندیال و لەوێش ئەرکێکی قورس تێپەڕێنم».

ئەو ناوبژیوانە، کە زۆر یاری گرنگی نێودەوڵەتی بەڕێوەبردووە، وەک فینالەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا، فینالی جامی کیشوەری ئاسیا، جامی تەحەدی ئاسیا، فینالی مۆندیالی یانەکان 2105 لەنێوان بارسێلۆنا و رێئاڵ پلەیت و فینالی ریۆی 2016، لە رێگەی (رووداوی وەرزشی)یەوە بەڵێنی ئەوەی بە ناوبژیوانانی کوردستان دا، ئەگەر کات بواری بدات و میواندارێ بکرێت رۆژێک دێتە باشووری کوردستان بۆ خزمەتی ناوبژیوانانی کوردستان بەپێی ئەو توانایەی هەیەتی.

**ناو:** عەلی رەزا فەغانی
**بەرواری لەدایکبوون:** 21/3/1978
**شوێنی لەدایکبوون:** کاشمەر ـ ئێران
**نیشانەی نێودەوڵەتی:** 2008
**شارەزای زمانەکانی:** فارسی و ئینگلیزی
**ناوبژیوانی نێودەوڵەتی:** لە ساڵی 2008

بەهرەیەکی میللی

# رزگار شاکر.. پێشمەرگە و یاریزانی لەشجوانی



**عومەر قاسم**
**رووداوی وەرزشی ـ قەسروک**

لەشجوانی یەکێکە لە یارییە وەرزشییە بەناوبەنگەکانی جیهان، کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان گرنگییەکی تایبەتی پێدەدرێت، هەرێمی کوردستانیش وەک وڵاتانی جیهانی تا رادەیەکی باش هەوڵدەدات گرنکی بەم جۆرە یارییە بدات، بۆ ئەو مەبەستەش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان هۆڵی لەشجوانی هەیەو ئارەزوومەندانی ئەم وەرزشە رۆژانە سەردانی دەکەن.

رزگار شاکر، یەکێکە لەو وەرزشوانانەی زۆر بە بایەخەوە سەرقاڵی ئەم وەرزشەیەو یاریزانێکی بەتواناو لێهاتووە. ئەو خەڵکی ناحیەی قەسروکە، رۆژی 1990/1/6 لە شارۆچکەی ناوبراو لەدایکبووە، بۆ ماوەی 6 ساڵ وەک راهێنەری یاری تایکواندۆ رۆڵی هەبووە. ئێستاش یەکێکە لە یاریزانانی لەشجوانی و زیاتر لە 2 ساڵە خەریکی ئەو یارییەیە. وەک خۆی دەڵێت «چەند جارێک بەشداریم لە پاڵەوانیەتی لەشجوانی دهۆک کردووەو ئەنجامی باشم بەدەستهێناوە».

ئاواتی ئەم یاریزانە ئەوەیە رۆژێک بێت بەشداری لە پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییەکاندا بکات و بتوانێت پلەیەکی باش بەدەستبێنێت».

رزگار شاکر، بێجگە لەوەی یاریزانێکی بەتوانای لەشجوانییە، لە هەمانکاتدا پێشمەرگەیەکی وڵاتپارێزیشە.

شێخ سەعید، کە لە ناحیەی قەسروک هۆڵێکی لەشجوانی هەیە، راهێنەری رزگارەو ئەو پێیگەیاندووە. ئەو راهێنەرە گەنجان هاندەدات وەک رزگار روو لە وەرزش بە گشتی و لەشجوانی بەتایبەتی بکەن، چونکە وەک خۆی دەڵێت «ئەم وەرزشە سوودێکی زۆری هەیە بۆ مرۆڤ، وەک دابەزاندنی کێش بە رێگایەکی سروشتی، هەروەها وا لە مرۆڤ دەکات روخسارێکی جوان و گەشی هەبێت، ببێتە خاوەن لەشێکی ساخ و تەندروست و مرۆڤێکی بەهێزی لێ بەرهەم بێت».

ئاکار ئیبراهیم، یاریزانی هەڵبژاردەی لاوانی عێراق:

# یاریکردن بۆ هەولێر و کوردستان خەونی گەورەمە



**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

ئاکار ئیبراهیم، یاریزانی کوردی هەڵبژاردەی عێراق بۆ تەمەنی خوار 18 ساڵی، کە داهاتوویەکی باش چاوەڕێی دەکات، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «بەهیوای ئەوەم رۆژێک لە رۆژان یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان و تیپی یەکەمی یانەی هەولێر بکەم».

ئاکار، هەرچەندە تەمەنی تازە 18 ساڵە، بەڵام ئەو کۆمەڵێک حەز و خولیا و خەونی هەیە، کە دەیەوێت رۆژێک لە رۆژان بۆی بێنەدی و دریسی هەڵبژاردەی کوردستان لەبەر بکات و بتوانێت شانازی بە یاریکردن لە ریزی یانە گەورەکانی جیهان بکات.

ئاکار، کە بۆ تیپی تەمەن خوار 18 ساڵی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی عێراق، یاریکردووە باسی کاروانی وەرزشیی خۆی بۆ (رووداوی وەرزشی) دەکات و دەڵێت «تۆپی پێ یەکێکە لە خولیا و خەونەکانم، لە رێگەی خانەوادەکەم بەتایبەتی دایک و باوکم ئەم یارییەم هەڵبژاردووەو رۆڵی کاپتن کەیفی عەبدولڕەحمان هیچ کات لەبیر ناکەم، کە ئەو بەهرەی منی دۆزیوەتەوە. زۆر سوودیشم لە سەرجەم ئەو راهێنەرانە وەرگرتووە کە مەشقیان پێداوم». ئەو دەشڵێت «لەگەڵ هەڵبژاردەی لاوانی عێراقیش لە 3 یارییدا بەشداریم کردووە، سوودێکی زۆریشم لە ئەکادیمیای یانەی هەولێر وەرگرتووەو هەر لە رێگای ئەم ئەکادیمایەوە توانیومە بەهرەکانی خۆم پێشبخەم».

لەبارەی ئەو گرێبەستانەی پێشکەشیکراون، یاریزانی ناوبراو گوتی «چەند گرێبەستێکم بۆ هاتووە، بەڵام من لەگەڵ یانەی هەولێر ئاسوودەم، کە بەڕاستی زۆر گرنگیمان پێدەدات، ئامادەنیم بۆ هیچ یانەیەکی دیکەی کوردستان یاری بکەم، چونکە دەستپێکی ژیانی وەرزشیم هەر لە یانەی دایک بووە». هەروەها گوتیشی «بەداخەوە تاوەکو ئێستا دەرفەتی ئەوەم بۆ نەڕخساوە لە خولی نایابی کوردستان یاری بکەم، بەڵام ئەوە خەونی منە، رۆژێک لە رۆژان هەردەبێ بۆ تیپی یەکەمی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی کوردستان یاری بکەم».

ئاکار ئیبراهیم، کە زۆر سەرسامە بە تواناکانی نەیمار دا سیلڤای ئەستێرەی بەرازیلی، لە کوردستانیش بە ئاستی ئیڤان خالیدی یاریزانی یانەی هەولێر سەرسامە، گوتیشی «خولەکانی کوردستان ساڵانە چەندین یاریزانی بەتوانای تێدا دەردەکەوێت، بەهیوای ئەوەم یانەکان زیاتر بایەخ بە بەهرەکانی کورد بدەن، بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر خزمەت بە یاری تۆپی پێی کوردستان بکەن».

دەیەوێ یاری بۆ هەڵبژاردەی هۆڵەندا و یانەی بارسێلۆنا بکات..

# مێسییەکەی هۆڵەندا کوردە



**باوکی رەوان:**
**دڵنیام لە دواڕۆژدا کوڕەکەم بۆ بارسێلۆنا یان ریال مەدرید یاریدەکات**

**کاروان عەلی**
**رووداوی وەرزشی ـ هۆڵەندا**

منداڵێکی کورد لە هۆڵەندا، کە بۆ تیپی تازەپێگەیشتووانی یانەیەکی شاری ئەمستردام یاری دەکات، بەهۆی ئەوەی شێوازی یاریکردنی زۆر بە شێوازی یاریکردنی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی دەچێت، لە یانەکەی و لە قوتابخانەش بە «مێسی هۆڵەندا» ناودەبرێت.

رەوان بژار یاسین، تەمەن 11 ساڵ، لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی رەشاقەی سەر بە ناحیەی دێرەلوکە، یاریزانێکی زۆر بەتوانایە، راهێنەران و مامۆستایان پێشبینی دەکەن لە دواڕۆژدا ببێتە ئەستێرەیەکی دیاری جیهانی تۆپی پێ، کە ئێستا ئەو لەگەڵ تیپی تازەپێگەیشتووانی یانەی ئێ ففێ لە ئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندی یاریدەکات.

رەوان رەشاقەیی، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئێستا کە من لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی قوتابیم، وێڕای بایەخدان بە خوێندنم زۆر بایەخ بە تۆپی پێش دەدەم، ئێستا بۆ یانەی ئێ ففێ یاری دەکەم و زۆر لە ئاستی یاریکردنم رازیم».

رەوان بژار، لە تەمەنی 7 ساڵی دەستی بە یاریکردن کردووە، سەرەتا لەگەڵ یانەی وئێس فێ یاریکردووەو دواتر چووەتە یانەیەکی بەهێزتر و دیارتر کە یانەی ئێ ففێیە، ئەو دەڵێت «ئێستا هاوڕێکانم لە یانە و لە قوتابخانەکەم بە مێسی هۆڵەندا بانگم دەکەن، هیوادارم رۆژێک بێت وەک مێسییەکەی ئەرجەنتین ببمە مێسی هۆڵەندا و یاری بۆ یانەی بارسێلۆنا بکەم».

رەوان بژار، کە ساڵی 2004 لە هۆڵەندا لەدایکبووە، سوپاسی دایک و باوکی دەکات کە ئەوان بەردەوام هاندەر و هاوکاری بوونە «پشتیوانی بەردەوامی دایک و باوکم وایان لێکردووم بیر لە خەونی زۆر گەورە بکەمەوە، دەمەوێ یاری بۆ هەڵبژاردەی هۆڵەندا و یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی بکەم». هەروەها دەشڵێت «راستە من لە کوردستان لەدایک نەبوومە، بەڵام دایک و باوکم بەردەوام باسی رەوشی کوردستانم بۆ دەکەن، دەزانم کە ئێستا لەبەر شەڕی داعش لە بارێکی خراپدایە، بەڵام پێشمەرگە خاکی کوردستان دەپارێزێت، بۆیە دڵی من لەگەڵ پێشمەرگە و کوردستانە، هیوادارم لە ماوەیەکی کەمدا کوردستان بەیەکجاری بەسەر داعشدا سەرکەوێت و منیش لەگەڵ دایک و باوکم سەردانی کوردستان بکەم».

ئەو یاریزانە کوردە، لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات، بەڵام وەک خۆی باسی دەکات دەتوانێت بە ئاسانی بگاتە نێو هێڵی سزای تیپی بەرامبەر و گۆڵ تۆمار بکات.

رەوان، تاکە یاریزانی کوردە لەسەر ئاستی تەمەنی 11 ساڵی یاری بۆ یانەی ئێ ففێ دەکات، ئەو هەفتانە دوو رۆژ مەشق دەکات و یارییەکیش لە خولی یانەکانی باکووری سوێد دەکات، کە 12 یانەن.

باوکی رەوان، کە لە ساڵی 1994ەوە نیشتەجێی هۆڵەندایە، لەبارەی کوڕەکەیەوە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «هەرچەندە حەزدەکەم رەوان خوێندنی خۆی تەواو بکات، بەڵام زۆریش دڵخۆشم کە ئاستی کوڕەکەم رۆژ بە رۆژ لە یاری تۆپی پێ بەرەو باشتر دەچێت، هیوادارم رەوان لە ئاییندەدا یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکات». ئەو گوتیشی «بەردەوام دەبم لە پشتیوانیکردنی کوڕەکەم، چونکە تواناکانی ئەو دڵخۆشکەرن و دڵنیام لە دواڕۆژدا دەگاتە ریزی گەورە یانەیەکی ئەورووپا، وەک بارسێلۆنا یان ریال مەدرید».



رووداو وەرزشی
ژمارە (425)
سێشەممە 2016/11/22



BBC نەمێنێت

ماڵپەڕی 4 ـ 4 ـ 2ی ئیتاڵی لە راپۆتێکدا ئامارەکانی ئەو یارییانە دەخاتەڕوو، کە یانەی ریال مەدرید لەم وەرزەدا بەبێ سێکوچکەی هێرشبردنی، هەریەک لە کریستیانۆ رۆناڵدۆ، گاریس بەیڵ و کەریم بنزیمە یاریکردووەو داوا دەکات ئەو یانەیە چیدی بە BBC یاری نەکات، چونکە ئامارەکان دەردەخەن لەو یارییانەدا کە BBC تەواو نەبووە، واتە یەکێک لە یاریزانەکانی یاری نەکردووە، بەتایبەتیش کەریم بنزیمە، ئاستی ریال مەدرید باشتر بووە. هەروەها ماڵپەڕەکە دوایین یاری دێربی بە نموونە دێنێتەوە، کە چۆن بە پشتبەستن بە فاسکێز لەجیاتی بنزیمە ریال مەدرید ئاستێکی بەرزی پێشکەشکردووە.

دۆن سەلماندی کە هێشتا هەر خۆی پیاوی یەکەمی ماڵی شاهانەیە..

# هاتریکەکەی رۆناڵدۆ کۆتایی بە ململانێی باڵۆن دۆر هێنا

«هاتریکی ئەمجارەی رۆناڵدۆ هێندەی ئەو هاتریکە گرنگ بوو کە دۆن لە هەڵبژاردەی سوێدی تۆمارکرد»

ئا: ئیحسان تامیر

دۆن کریستیانۆ، بەپێچەوانەی زۆربەی پێشبینییەکان لە یەکێک لە زەحمەتترین یارییەکانی لالیگادا زۆر بەهێز گەڕایەوەو بە تۆمارکردنی هاتریک لە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید، گەڕانەوەی خۆی بۆ نێو رکابەرییەکان راگەیاند، کە لە سەرەتای ئەم وەرزەوە ئاستی تا رادەیەکی زۆر دابەزی بوو، تەنانەت زۆر لە چاودێران پێشبینی کۆتایی رۆناڵدۆیان دەکرد.

لەو یارییەدا رۆناڵدۆ بێجگە لەوەی ئەو راستییەی سەلماندەوە کە هێشتا هەر خۆی پیاوی یەکەمی ماڵی شاهانەیەو 3 گرنگترین خاڵی تاوەکو ئێستای لالیگاشی بۆ یانەکەی دەستەبەرکرد، جۆرێک لە دڵنەوایشی بەخۆی و هەوادارانی دا، سەبارەت بە خەڵاتی باڵۆن دۆر، کە ماوەیەک بوو بەهۆی دابەزینی ئاستی خۆی و ئاستبەرزی لیۆنێل مێسی رکابەرەکەی، زۆر لە بۆچوونەکان بۆ ئەوە دەچوون کە مێسی زۆر بەهێز گەڕاوەتەوە نێو ململانێی باڵۆن دۆر، سەرەڕای ئەوەی بەر لە دەستپێکردنی وەرزی نوێ هەمووان دەیانگوت «رۆناڵدۆ باڵۆن دۆری 2016ی مسۆگەر کردووە، بەهۆی بردنەوەی نازناوی چامپیۆنسلیگ و یۆرۆ».

## کوشتنی مێسی

لەدوای ئەو ئاستە بەرزەی لە یاری دێربیدا رۆناڵدۆ پێشکەشی کرد، زۆر لە چاودێران گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە رۆناڵدۆ لەم یارییەدا جارێکی دیکە چانسی مێسی بۆ رکابەریکردنی لەسەر باڵۆن دۆری 2016 کەمکردەوەو چانسی خۆیشی بۆ بردنەوەی خەڵاتەکە بەرزکردەوە، کە لە سەرەتای وەرزەوە چانسی تا رادەیەک دابەزی بوو، هەرچەندە ئەوکاتیش هەر خۆی پاڵێوراوی یەکەم بوو بۆ بردنەوەی خەڵاتەکە.

چاودێران لەو بارەوە دەڵێن «رۆناڵدۆ بە هاتریکەکەی لەم یارییەدا چەندە خزمەتی یانەکەی کرد، هێندەو زیاتریش خزمەتی خۆی کرد، کە بێشک بەو ئاست و بەو هاتریکە رۆناڵدۆ رای زۆر لەو رۆژنامەنووسانەی دەنگ بۆ باڵۆن دۆر دەدەن بۆ لای خۆی گەڕاندەوە، کە ماوەیەک بوو سەرنجیان چووبووە سەر لیۆنێل مێسی». هەروەک چۆن زەینەدین زیدانی راهێنەری ریال مەدریدیش، راستەوخۆ لەدوای یاری دێربی، گوتی «رۆناڵدۆ ئەمشەو ململانێی باڵۆن دۆری بەیەکجاری یەکلاییکردەوە».

ماڵپەڕێکی ئیسپانیش، لەو بارەوە دەپرسێت «ئایا هاتریکەکەی رۆناڵدۆ فیشەکێک بوو بۆ کوشتنی مێسی»، مەبەستی ئەوەیە کە رۆناڵدۆ بەم هاتریکە هیواکانی مێسی بۆ بردنەوەی باڵۆن دۆری 2016 بەتەواوی لەنێوبرد، کە لە راستیدا مێسی بەجددی گەڕابووە نێو ململانێیەکە، تەنانەت بەپێی ئەنجامەکانی زۆر لەو راپرسیانەی رۆژنامە و ماڵپەڕەکان لەو بارەوە ئەنجامیان داوە، مێسی پاڵێوراوی یەکەم بووە بۆ خەڵاتی باڵۆن دۆر.

## هاتریکی زێڕین

ئەم هاتریکەی رۆناڵدۆ دەکرێت بە «هاتریکی زێڕین» ناوی ببەین، چونکە زۆر کەس پێیانوایە «دۆن بەم هاتریکە تۆپی زێڕینی مسۆگەر کرد». رۆژنامەنووسێکی ئیسپانی لەبارەی بایەخ و گرنگی هاتریکەکەی رۆناڵدۆ نووسیویەتی «پێموایە ئەم هاتریکەی رۆناڵدۆ گرنگترین هاتریکە لە ژیانی وەرزشیی خۆی، یاخود هاوشێوەی ئەو هاتریکەیە کە لەگەڵ هەڵبژاردەی پورتوگال لە هەڵبژاردەی سوێدی کرد، چونکە چۆن ئەو هاتریکە باڵۆن دۆری 2014ی بە رۆناڵدۆ دا ئەم هاتریکەی ئەتلەتیکۆ مەدریدیش باڵۆن دۆری 2016ی پێدەدات».

## کێشە دەروونییەکەی تەواوبوو

زۆرجار پرسیاری ئەوە دەکرا ئایا رۆناڵدۆ گەیشتووەتە کۆتایی ڕێگا، بەهۆی گەورەبوونی تەمەن؟ یان وەستانی ئەمساڵیشی وەک چەند وەستانێکی پێشووتری کاتی بووە؟ ئەگەر کاتیش بووە ئەی هۆکارەکان چیبوون وایانکرد رۆناڵدۆ بە ئاستێکی خراپ دەرکەوێت؟. وەڵامەکان زۆر بوون، هۆکارەکانیش جیاواز، بەڵام ئەوەی لەلایەن زۆرترین چاودێر و شرۆڤەکارانەوە جەختی لەسەر دەکرایەوە ئەوەبوو کە هۆکارەکە دەروونی بوو، دەیانگوت «کۆمەڵێک هۆکار وایانکردووە رۆناڵدۆ بکەوێتە بارودۆخێکی دەروونی خراپ، لەوانەش ئاستبەرزی مێسی و نزیکبوونەی خەڵاتی باڵۆن دۆر، گرێبەستەکەی گاریس بەیڵ و ترسی رۆناڵدۆ لەوەی ئەو کوڕە وێڵزییە لەجیاتی ئەو ببێتە پیاوی یەکەمی ریال مەدرید، هەروەها چەندین هۆکاری دیکەش». هەر لەبەرئەوەشە کە زۆر لە چاودێرانیش پێیانوایە نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی رۆناڵدۆ لەلایەن فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی ریال مەدریدەوە کۆتایی بە کێشە دەروونییەکانی رۆناڵدۆ هێنا، بۆیە جارێکی دیکە تواناکانی تەقینەوەو چاوەڕێ دەکرێت بەردەوام بێت لەسەر ئەو ئاستە بەرزەی لە دێربی مەدریددا پێشکەشی کرد.



فرانس فوتبۆل دان بە راستیدا دەنێت..

# مێسی و رۆناڵدۆ بە ناهەق باڵۆن دۆریان بردووەتەوە

رووداوی وەرزشی ـ CNBC

گۆڤاری فرانس فوتبۆلی فەرەنسی ئەو ساڵانەی دیاریکرد، کە لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی و کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی، شایستەی خەڵاتی باڵۆن دۆر نەبوون، کە پێیان دراوە. هەروەها ئەو یاریزانانەشیان دەستنیشانکرد کە دەبووایە لەجیاتی ئەوان باڵۆن دۆر وەربگرن.

دوای لەیەک جیابوونەوەی گۆڤاری فرانس فوتبۆلی فەرەنسی بەناوبانگ و یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا)، لە بەخشینی خەڵاتی باڵۆن دۆر بە باشترین یاریزانی ساڵ. گۆڤارەکە راپرسییەکی کردووەو تێیدا لە جەماوەری پرسیوە، چ ساڵێک کریستیانۆ رۆناڵدۆ یان لیۆنێل مێسی، شایستەی ئەوە نەبوون خەڵاتی باڵۆن دۆریان پێبدرێت و ئایا لەپێناو ئەوان ستەم لە کام یاریزان کراوە؟. بەپێی وەڵامی جەماوەری فرانس فوتبۆل هەریەکە لە مێسی و رۆناڵدۆ یەکەو خەڵاتیان بە ناهەق بردووەتەوە، واتە مێسی کە 5 باڵۆن دۆری هەیە دەبووایە 4ی پێدرابایە و رۆناڵدۆ کە 3 باڵۆن دۆری بردووەتەوە شایەنی 2 باڵۆن دۆر بووە.

ئەنجامی راپرسییەکە دەریخستووە کە لیۆنێل مێسی شایستەی باڵۆن دۆری ساڵی 2010 نەبووە، بەڵکو وێسلی شنایدەری یاریزانی هۆڵەندی شایستەی ئەو خەڵاتە بووە، کە لەو ساڵەدا نازناوی چامپیۆنسلیگ، خولی ئیتاڵیا و جامی ئیتاڵیای بردەوەو لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی گەیشتە یاری کۆتایی مۆندیال و 5 گۆڵیشی لە مۆندیال تۆمارکرد. هەروەها ئەوانەی دەنگیان بۆ راپرسییەکە داوە گوتوویانە «کریستیانۆ رۆناڵدۆش شایستەی باڵۆن دۆری ساڵی 2013 نەبوو، بەڵکو فرانک ریبێری ئەستێرەی فەرەنسی شایستەی بووە، کە لەگەڵ بایرن میونشنی ئەڵمانی نازناوی چامپیۆنسلیگ، خول و جامی ئەڵمانیاشی بردەوە».



تەمەن بچووک و عەقڵ گەورەیە..

# بچووکترین راهێنەری ئەوروپا کوڕی مۆرینیۆیە

ئا: سامان وڵاتزێڕی

بەتەمەن بچووک، بە عەقڵیش گەورە و بەهێز، ئەو راهێنەرێکە ئێستا سەرنجی هەموو جیهانی بەلای خۆیدا راکێشاوە لە کاتێکدا تەمەنێکی بچووکی هەیە و کار بۆ سەرکەوتنێکی گەورە دەکات.

ئەوە پێناسەی جولیان ناگێلسمانە، راهێنەری یانەی هۆفنهایمی ئەڵمانییە، ئەو راهێنەرە لە تەمەنێکی بچووکدا یانەکەی کردووەتەوە رکابەرێکی بەهێز لە خولی ئەڵمانیا و رکابەری لەسەر پلەکانی پێشەوە دەکات.

ناگێلسمان ئێستا تەمەنی 29 ساڵە و کاپتنی کەشتییەک دەکات کە لە 11 گەڕی رابردووی خولی بوندیسلیگای ئەڵمانیادا ئاستێکی بەرزی پێشکەشکرد و تاوەکو ئێستاش نەدۆڕاوەو بە 5 بردنەوەو 6 بەرامبەر بوون 21 خاڵی کۆکردووەتەوەو لە پلەی پێنجەمی ریزبەندی خولەکەدایە.

ئەگەرچی ئەو راهێنەرە تەنیا چەند مانگێکە پۆستی راهێنەرایەتی هۆفنهایمی وەرگرتووە، بەڵام ئاستی بەرزی یانەکەی لەم تەمەنەی ئەو راهێنەرەدا وایکردووە هەمووان جولیان بە کوڕەکەی خۆسێ مۆرینیۆی بەڕێوەبەری هونەری یانە ی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی بانگ بکەن.

جولیان ناگێلسمان، لە سەرەتای ئەم وەرزە پۆستی راهێنەرایەتی یانەی هۆفنهایمی وەرگرتووە، ئەو نەک تەنیا بچووکترین راهێنەرە ئەو کارە بکات، بەڵکو ئێستا لە بەشێکی یاریزانەکانیشی بچووکترە.

ئەوەی زیاتر سەرنجی خستووەتە سەر ئەو راهێنەرە روخسار بچووک و عەقڵ گەورەیە ئەوەیە کە ئەو ئێستا رکابەری راهێنەرێک دەکات کە 29 ساڵ لە خۆی گەورەترە ئەویش کارلۆ ئەنچیلۆتیی راهێنەری یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانییە کە ئێستا لە پلەی دووەمی بوندیسلیگادایە و بەجیاوازی تەنیا 3 خاڵ لە پێشەوەی هۆفنهایم دایە.

ئەوەی پرسیاری خستووەتە سەر جولیان ئەوەیە کە ئەو راهێنەرە لە کاتێکدا لە بەشێکی یاریزانەکانیشی بچووکترە چۆن دەتوانێت کۆنترۆڵی ژووری جلگۆڕینی یانەکەی بکات لە کاتێکدا یانەکە هیچ ئەستێرەیەکیشی نییە بۆ ئەوەی لەسەر ئەم ئاستەی ئێستای بەردەوام بێت.

راهێنەرەکە هێندە بچووکە ئەلکیساندەر رۆزین، بەڕێوەبەری یانەی هۆفنهایم دەڵێت «جولیان 29 ساڵە، منیش 37 ساڵ و بەهەردووکیشمان هێشتا لە ئارسین ڤینگەر بچووکترین».

«راهێنەری هۆفنهایم لە زۆر لە یاریزانەکانی بچووکترە»







KOREK Telecom

ئینتەرنێتی EXTRA G بە ئارەزووی خۆت لەگەڵ 3 کەس بەش بکە

ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێک بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێک کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێک دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 رۆژ | 30 رۆژ | 30 رۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

411
korektel.com

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

رووداو وەرزشی
ژمارە (425)
سێشەممە 2016/11/22

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

چامپیۆنسلیگ
سڤیلیا - یوڤانتۆس
سێشەممە 22/11/2016
10:45

چامپیۆنسلیگ
ئارسیناڵ - پاریس سانجێرمان
چوارشەممە 23/11/2016
10:45

یۆرۆپالیگ
مانچێستەر یونایتد - فاینۆرد
پێنجشەممە 24/11/2016
11:05

خولی ئینگلتەرا
چێلسی - تۆتێنهام
شەممە 26/11/2016
08:30

خولی ئیسپانیا
ریال سۆسیداد - بارسێلۆنا
یەکشەممە 27/11/2016
10:45

خولی ئەڵمانیا
بایرن میونشن - بایرلیڤەرکۆزن
شەممە 26/11/2016
08:30

خولی فەرەنسا
لیۆن - پاریس سانجێرمان
یەکشەممە 27/11/2016
10:45

خولی ئیتاڵیا
ئینتەرمیلان - فیۆرەنتینا
دووشەممە 28/11/2016
11:00

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 13)

**هەینی 2016/11/25**
- ئیبار - ریال بیتیس 10:45

**شەممە 2016/11/26**
- مەلەگە - دیپۆرتیڤۆ 03:00
- ریال مەدرید - خیخۆن 06:15
- ئیسپانیۆل - لیگانێس 08:30
- سڤیلیا - ڤالێنسیا 10:45

**یەکشەممە 2016/11/27**
- ڤیاریال - ئالاڤێس 02:00
- ئۆساسۆنا - ئەتلەتیکۆ مەدرید 06:15
- سێلتاڤیگۆ - گرانادا 08:30
- ریال سۆسیداد - بارسێلۆنا 10:45

**دووشەممە 2016/11/28**
- لاس پالماس - ئەتلەتیک بلباو 10:45

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ریال مەدرید | 30 |
| 2 - بارسێلۆنا | 26 |
| 3 - سڤیلیا | 24 |
| 4 - ڤیارپیال | 22 |
| 5 - ریال سۆسیداد | 22 |
| 6 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 21 |
| 7 - ئیبار | 18 |
| 8 - ئەتلەتیک بلباو | 17 |
| 9 - سێلتاڤیگۆ | 17 |
| 10 - لاس پالماس | 16 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 8 |
| 2 - مێسی | بارسێلۆنا | 8 |
| 3 - سوارێز | بارسێلۆنا | 8 |
| 4 - گریزمان | ئەتلەتیکۆ مەدرید | 6 |
| 5 - ئەسپاس | سێلتاڤیگۆ | 6 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 13)

**شەممە 2016/11/26**
- بێرنلی - مانچێستەر ستی 03:30
- هاڵ ستی - وێست برۆمیچ 06:00
- لیستەر ستی - میدلزبرە 06:00
- لیڤەرپوول - ساندێرلاند 06:00
- سوانزی ستی - کریستاڵ پالاس 06:00
- چێلسی - تۆتێنهام 08:30

**یەکشەممە 2016/11/27**
- واتفۆرد - ستۆک ستی 03:00
- ئارسیناڵ - بۆرنمۆس 05:15
- مانچێستەر یونایتد - وێستهام 07:30
- ساوسهامتۆن - ئیڤێرتۆن 07:30

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - چێلسی | 28 |
| 2 - لیڤەرپوول | 27 |
| 3 - مانچێستەر ستی | 27 |
| 4 - ئارسیناڵ | 25 |
| 5 - تۆتێنهام | 24 |
| 6 - مانچێستەر یونایتد | 19 |
| 7 - ئیڤێرتۆن | 19 |
| 8 - واتفۆرد | 18 |
| 9 - بۆرنمۆس | 15 |
| 10 - ساوسهامتۆن | 14 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کۆستا | چێلسی | 10 |
| 2 - ئەگوێرۆ | مانچێستەر ستی | 8 |
| 3 - هازارد | چێلسی | 7 |
| 4 - لۆکاکۆ | ئیڤێرتۆن | 7 |
| 5 - دیفۆیانە | ساندێرلاند | 7 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (وێست برۆمیچ - بێرنلی) دانراوە

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 14)

**شەممە 2016/11/26**
- تۆرینۆ - ڤیرۆنا 08:00
- ئیمپۆلی - میلان 10:45

**یەکشەممە 2016/11/27**
- پالێرمۆ - لازیۆ 02:30
- بۆلۆنیا - ئەتەلانتا 05:00
- کالیاری - ئۆدینێزی 05:00
- کرۆتۆنی - سامپدۆریا 05:00
- جینەوا - یوڤانتۆس 05:00
- رۆما - پیسکارا 10:45

**دووشەممە 2016/11/28**
- ناپۆلی - ساسۆلۆ 09:00
- ئینتەرمیلان - فیۆرەنتینا 11:00

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 33 |
| 2 - رۆما | 26 |
| 3 - میلان | 26 |
| 4 - لازیۆ | 25 |
| 5 - ئەتەلانتا | 25 |
| 6 - ناپۆلی | 24 |
| 7 - تۆرینۆ | 22 |
| 8 - فیۆرەنتینا | 20 |
| 9 - ئینتەرمیلان | 18 |
| 10 - ڤیرۆنا | 18 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - دزیکۆ | رۆما | 10 |
| 2 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 10 |
| 3 - بیلۆتی | تۆرینۆ | 10 |
| 4 - ئیمۆبیلی | لازیۆ | 9 |
| 5 - سەلاح | رۆما | 8 |

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 12)

**هەینی 2016/11/25**
- فرایبۆرگ - لایپزیگ 10:30

**شەممە 2016/11/26**
- کۆڵن - ئۆگسبۆرگ 05:30
- مونشنگلادباخ - هۆفنهایم 05:30
- فرانکفۆرت - بورۆسیا دۆرتمۆند 05:30
- ئینگۆلشتات - فۆلفسبۆرگ 05:30
- هامبۆرگ - ڤێردەربرێمەن 05:30
- بایرن میونشن - بایرلیڤەرکۆزن 08:30

**یەکشەممە 2016/11/27**
- شاڵکە - دارمشتات 05:30
- هێرتا بەرلین - ماینز 07:30

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - لایپزیک | 27 |
| 2 - بایرن میونشن | 24 |
| 3 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 21 |
| 4 - کۆڵن | 21 |
| 5 - هۆفنهایم | 21 |
| 6 - هێرتا بەرلین | 21 |
| 7 - فرانکفۆرت | 21 |
| 8 - ماینز | 17 |
| 9 - بایرلیڤەرکۆزن | 16 |
| 10 - فرایبۆرگ | 15 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 12 |
| 2 - مۆدیست | کۆڵن | 12 |
| 3 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 7 |
| 4 - ئیبیسڤیچ | هێرتا بەرلین | 6 |
| 5 - یونس | ماینز | 6 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 14)

**هەینی 2016/11/25**
- رین - تۆلۆز 10:45

**شەممە 2016/11/26**
- مۆناکۆ - مارسیلیا 07:00
- بۆردۆ - دیجۆن 10:00
- کان - گانگۆن 10:00
- میتز - لۆریان 10:00
- مۆنپیلیە - نانس 10:00
- نانت - لیل 10:00

**یەکشەممە 2016/11/27**
- ئەنجی - سانت ئیتیان 05:00
- نیس - باستیا 07:00
- لیۆن - پاریس سانجێرمان 10:45

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - نیس | 32 |
| 2 - مۆناکۆ | 29 |
| 3 - پاریس سانجێرمان | 29 |
| 4 - لیۆن | 22 |
| 5 - گانگۆن | 22 |
| 6 - رین | 21 |
| 7 - بۆردۆ | 20 |
| 8 - تۆلۆز | 19 |
| 9 - سانت ئیتیان | 18 |
| 10 - ئەنجی | 18 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 11 |
| 2 - لاکازیتی | لیۆن | 10 |
| 3 - مارتین | تۆلۆز | 7 |
| 4 - ئەلحەسەن | نیس | 7 |
| 5 - بالۆتێلی | نیس | 6 |

## چامپیۆنسلیگ (گەڕی 5)

**سێشەممە 2016/11/22**
- سیسکا مۆسکۆ - بایرلیڤەرکۆزن 08:00
- مۆناکۆ - تۆتێنهام 10:45
- بورۆسیا دۆرتمۆند - لیگا وارسۆ 10:45
- لێشبۆنە - ریال مەدرید 10:45
- کۆبنهاگن - پۆرتۆ 10:45
- لیستەر ستی - کلۆپ برۆج 10:45
- دینامۆ زەگریب - لیۆن 10:45
- سڤیلیا - یوڤانتۆس 10:45

**چوارشەممە 2016/11/23**
- رۆستۆڤ - بایرن میونشن 08:00
- ئارسیناڵ - پاریس سانجێرمان 10:45
- لۆدۆگۆریتس - بازل 10:45
- بێشکتاش - بێنفیکا 10:45
- ناپۆلی - دینامۆکییڤ 10:45
- مونشنگلادباخ - مانچێستەر ستی 10:45
- سێلتیک - بارسێلۆنا 10:45
- ئەتلەتیکۆ مەدرید - ئایندهۆڤن 10:45

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لیۆنێل مێسی | بارسێلۆنا | 7 |
| 2 - ئەدینسۆن کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 4 |
| 3 - مەسعود ئۆزێل | ئارسیناڵ | 4 |
| 4 - رۆبەرت لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 4 |
| 5 - سێرجیۆ ئەگوێرۆ | مانچێستەر ستی | 4 |

## یۆرۆپالیگ (گەڕی 5)

**پێنجشەممە 2016/11/24**
- ئەستانا (کازاخستان) ـ ئەپویل نیقۆسیا (قوبرس) 07:00
- فەنەربەخچە (تورکیا) ـ لۆگانسک (ئۆکرانیا) 07:00
- زینیت (رووسیا) ـ مەکابی تەلئەبیب (ئیسرائیل) 07:00
- گابالا (ئازەربایجان) ـ ئەندرلەخت (بەلجیکا) 07:00
- ئەیاکس (هۆڵەندا) ـ پاناسیناکۆس (یۆنان) 09:00
- سێلتاڤیگۆ (ئیسپانیا) ـ ستاندەرلیاج (بەلجیکا) 09:00
- شاڵکە (ئەڵمانیا) ـ نیس (فەرەنسا) 09:00
- سپارتا براگ (چیک) ـ ساوسهامتۆن (ئینگلتەرا) 09:00
- لیبیرتچ (چیک) ـ کارباکا (ئازەربایجان) 09:00
- ستیوا بوخارست (رۆمانیا) ـ ئۆسمانلی سپۆر (تورکیا) 09:00
- شاختار (ئۆکرانیا) ـ قونیا سپۆر (تورکیا) 09:00
- فیۆرەنتینا (ئیتاڵیا) ـ سالۆنیکا (یۆنان) 09:00
- جینیت (بەلجیکا) ـ سپۆرتینگ براگا (پورتوگال) 09:00
- زیۆریخ (سویسرا) ـ ڤیارپیال (ئیسپانیا) 09:00
- کراسنۆدار (رووسیا) ـ سالزبۆرگ (نەمسا) 09:00
- بیئر سەبع (ئیسرائیل) ـ ئینتەرمیلان (ئیتاڵیا) 09:00
- مانچێستەر یونایتد (ئینگلتەرا) ـ فاینۆرد رۆتردام (هۆڵەندا) 11:05
- رۆما (ئیتاڵیا) ـ ڤیکتۆر بلزن (چیک) 11:05
- ئەتلەتیک بلباو (ئیسپانیا) ـ ساسۆلۆ (ئیتاڵیا) 11:05
- جینک (بەلجیکا) ـ رابید ڤیەننا (نەمسا) 11:05
- ئۆلۆمپیاکۆس (یۆنان) ـ یۆنگ بۆیز (سویسرا) 11:05
- ئۆستریا ڤیەننا (نەمسا) ـ ئستریا جیۆرجیۆ (رۆمانیا) 11:05
- سانت ئیتیان (فەرەنسا) ـ ماینز (ئەڵمانیا) 11:05
- دۆندالک (ئێرلەندا) ـ ئەلکەمار (هۆڵەندا) 11:05

KOREK

ژمارە ( 425 )
سێشەممە 2016/11/22



**%45**

ساڵی 2016 بە ساڵی مێژوویی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی دادەنرێت، بەو پێیەی لەگەڵ یانەکەی نازناوی چامپیۆنسلیگ و لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەیشی جامی یۆرۆی بردووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ساڵێکی شۆم و خراپ بوو بۆ ئەو یاریزانە لە رووی لێدانەکانی سزاوە، چونکە ڕۆناڵدۆ لە ساڵی 2016 لە کۆی 11 لێدانی سزا کە جێبەجێیکردوون تەنیا لە 5 لێداندا سەرکەوتوو بووەو 6 لێدانی سزای لەدەستداوە، واتە ڕێژەی سەرکەوتنی لە لێدانی سزا تەنیا 45% بووە.



ڕێبوار محەممەد

## لە CR7 وە بۆ ڕۆناڵدۆ 9 و دۆن 4

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ژمارە نۆ، کە دیارە لێرەدا مەبەستم لەو کریستیانۆیەیە کە لە یارییەکەی ئاتلێتیکۆ مەدریدا بە درێسی ژمارە حەوتەوە ڕۆڵی هێرشبەری ژمارە نۆی بینی، ڕێگەی بوونی دۆنی بۆ ژمارە چوار ئاسان کرد.

دۆن کە لە چەند هەفتەی رابردوودا لە هەموو کەس زیاتر لە ژێر فشار و سترێسدا بوو، لە دێربی مەدریدا تەمومژ و گومانەکانی بەشێوەکەی بەرچاو لەسەر خۆی لابرد، ئەو کە ئەمساڵ بەبڕوای من شیاوترین کەسە بۆ بەدەستهێنانی باڵۆن دۆر، لە ماوەی رابردوودا تەقەی زۆری لەسەر بوو، ئەوەش بێگومان بەهۆی درەوشانەوەی مێسی و راوەستانی ئەو لە ئاستێکی چەقبەستووی تا رادەیەک خراپدا.

یەکەمجارە ببینم ڕۆناڵدۆ لە بەرگی ژمارە نۆدا سەرکەوتوو بێت، چەندینجار ئەوەم گوتووەتەوە، کاتێک مۆرینیۆ راهێنەری ریال مەدرید بوو و کێشەی هێرشبەری هەبوو، سپێشەڵ وەن رازینەبوو ڕۆڵی هێرشبەری سەرەڕم بە ڕۆناڵدۆ بدات، ئەو (واتە مۆرینیۆ) دەیگوت: ڕۆناڵدۆ پێویستی بە رووبەر هەیە لەبەردەمیدا بۆ ئەوەی باش یاری بکات، کاتێک ئەو دەخەیتە ناو سندوقەوە، سەرکەوتوو نابێت. بەڵام لە دێربیدا کریس ئەوەشی تێپەڕاند.

ئەوە یەکەمجار نییە ڕۆناڵدۆ لەو شوێنەدا تاقیبکرێتەوە، چەندینجاری دیکە و لە چەندین یاری دیکەدا ڕۆناڵدۆ ئەو ڕۆڵەی بینیوە، بەڵام هەرگیز سەرکەوتنی تێیدا نەگەیشتووەتە ئاستی ئەو سەرکەوتنەی لە دێربیدا بەدەستیهێنا، کەواتە نهێنییەکە چی بوو؟ بۆچی پێشتر پێی نەدەکرا و ئەمجارە توانی بیکات؟

بۆ ئەوەیان دەکرێ چەند خاڵێک دەستنیشان بکەین:

- ڕۆناڵدۆ پێویستی بەوە بوو بیسەلمێنێ هێشتا زۆری لە هەگبەدا ماوە و ریال مەدرید هەڵەی نەکردووە کە گرێبەستەکەی ئەوی تا چەند ساڵێکی دیکە نوێکردووەتەوە. ئەو سەلماندنەش بێگومان دەبوو لە دێربی و لە بەرامبەر یانەیەکی بەهێزی وەک ئاتلێتیکۆدا بێت.
- تەکتیکی یارییەکە، بەتایبەت ئەوەی زیدان پەیڕەوی لێکرد، هەلی باشی بە ڕۆناڵدۆ دا بۆ ئەوەی ئەرکەکەی بەباشی جێبەجێ بکات، چونکە ئەو یاریزانە لە دێربیدا بەشدارییەکی کارا و باشی لە بەرگری تیپەکەیدا هەبوو. گەڕانەوە بۆ ناوەڕاستی یاریگە و دوای هێڵی ناوەڕاستیش جۆرێک لەسەربەستی دایە کریس و کەمێک لە چاودێری بەرگریکەرەکانی ئاتلێتکۆ لەسەری کەمکردەوە و ماوەی دایە تا بەئاسانی خۆی لە بەرگریکەرەکان بدزێتەوە.
- خاڵێکی دیکەی تەکتیکی ئەوەبوو کە گاریس بەیل و لۆکاس ڤاسکوێز هاوکاری گەورەی ڕۆناڵدۆ بوون، ئەوان کە لە باڵەوە هێرشەکانی ریال مەدریدیان بونیاد دەنا، زۆر چاویان لەسەر ئەوە بوو هەموو تۆپەکان بە ئاراستەی ڕۆناڵدۆ بێت لە ناو هێڵی سزادا.
- وێڕای ئەوەش لە کۆی 3 گۆڵ تەنیا یەکێکیان بەو تاکتیکە تۆمارکراو دوو گۆڵەکەی دیکە لە تۆپی جێگیرەوە بوون.
- نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ ریال مەدرید، هاندەرێکی دیکە بوو بۆ ئەوەی کریس جارێکی دیکە تواناکانی خۆی نمایش بکاتەوە، گاڵتە نییە بە ئاسانی مامەڵە لەگەڵ ئەو قسەیەدا بکەیت کە سەرۆکی ریال مەدرید پێت بڵێ ڕۆناڵدۆ ئەفسانەی زیندووی ریال مەدریدە، ئاخر ئەوە قسەیەکی گەورەیە، یاریزان بۆ ئەوەی گەورەیی خۆی پێشان بدات، دەبێ باش وەڵامی بداتەوە.

هەموو ئەوەی لە دێربی روویدا، ڕۆناڵدۆی ژمارە نۆی، یەکلاکردەوە لە بەدەستهێنانی ژمارە چوار، ئەو ژمارە چوارە، چوارەم تۆپی زێڕینی دۆنە لەسەرەتا ساڵی داهاتوودا.

### دوای وازهێنان لە یاریکردنیش..

# بێکهام پارەی بەسەردا دەبارێ



رووداوی وەرزشی ـ DW


هەرچەندە ماوەی چەند ساڵێکە وازی لە یاری تۆپی پێ هێناوە، کەچی دێڤید بێکهامی ئەستێرەی ئینگلیزی هێشتا بڕە پارەی زۆری دەستدکەوێ.

کۆمپانیای FOOTWORK PRODUCTIONS کە بێکهام خاوەنیەتی و بارەگاکەی لە لەندەنە، لیستی دارایی خۆی بڵاوکردەوە، کە دەریدەخات سەرمایەی کۆمپانیاکە لە ساڵی 2015 گەیشتووەتە 14.3 ملیۆن پاوەند و قازانجیشی 11.5 ملیۆن پاوەند بووە، پێش دانی باج.

بە گوێرەی ڕۆژنامەی THE SNی بەریتانی، قازانجی سافی دوای دانی باج دەگاتە 9.1 ملیۆن پاوەند. کۆمپانیاکە بڕی 8.72 ملیۆن پاوەندی بە بێکهامی خاوەنی داوە، زیادەیەکی بەرچاویش لە قازانجەکان روویداوە، چونکە ساڵی 2014 بڕەکەی 6.5 ملیۆن پاوەند بوو.

بۆ ئاماژە پێکردن خانمە گۆرانیبێژی بەناوبانگ ڤیکتۆریا بێکهام، هاوسەری بێکهام وەک سکرتێر لەو کۆمپانیایە کاردەکات، کە سپۆنسەری کارەکانی کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا دەکات. ئەمەو گۆڤاری فۆربسی بەناوبانگ ئاشکرای کردبوو، بێکهام ساڵی رابردوو بڕی 50 ملیۆن پاوەندی دەستکەوتووە، کەچی راپۆرتێکی دیکە ئاشکرای کردووە، کۆی سامانی بێکهام و ڤیکتۆریا دەگاتە 280 ملیۆن پاوەند.

پێشبڕکێ



**به کورترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**




براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

جەمال رەحیم لە هەڵەبجەی شەهید

بە لێدوانی:

**(مەی ناخۆمەوە، عەقڵم ناشۆمەوە)**

## 3 LOTTO پەنجاو سێیەمین پێشبڕکێ

ژمارە ( 425 )
سێشەممە 2016/11/22

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ....................

مۆبایل : ....................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW

(رووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

www.rudaw.net

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە

رووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە